# نزای کاتی ناڕەحەتی دڵتەنگ بوون: ( لا إله إلا الله العظيم الحليم، لا إله إلا الله رب العرش العظيم، لا إله إلا الله رب السماوات، ورب الأرض، ورب العرش الكريم )

له‌ عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی دڵتەنگ بوونیدا دەیفەرموو: «لا إله إلا الله العظيم الحليم، لا إله إلا الله رب العرش العظيم، لا إله إلا الله رب السماوات، ورب الأرض، ورب العرش الكريم»، واتە: «هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللەی مەزن ومیهرەبان، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله؛ پەروەردگاری عەرشی مەزن، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله؛ پەروەردگاری بەخشندەی ئاسمانەکان وزەوی وعەرش».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خەفەت ودڵ تەنگی وناڕەحەتی تەنها خوای گەورە دەتوانێت لای بەرێت، وئەم وشانەی کە باسکراوە لە فەرموودەکەدا ئەگەر بەندەی ئیماندار بیڵێت لە کاتی ترس وخەفەتدا؛ خوای گەورە هێمنی وئارامی پێدەبەخشێت، نزا کردن ویاد کردنی خوای گەورە حاڵەتە ناڕەحەت وقورسەکان ئاسان دەکاتەوە، ناخۆشی وناڕەحەتیەکان لادەبات، وغەم وخەفەت ودڵتەنگی ناهێڵێت. ودانایی لە باسکردنی ناوی (الحيلم) بە واتای: (میهرەبان وئەو زاتەی کە بەپەلە سزای ئیماندارەکان نادات بە هۆی تاوانەکانەوە بەڵکو مۆڵەتیان پێدەدات)؛ غەم وخەفەتی ئیماندار زۆر جار بە هۆی کەموکورتیە لە پەرستنەکان یان بێ ئاگایی وغەفڵەتە لە هەندێک لە حاڵەتەکان، بۆیە نزا کردن بەم ناوەی خودا (الحليم) هۆکارە بۆ هیوای لێخۆشبوون لە تاوانەکان وکەمکردنەوەی غەم وخەفەتەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5141